# پەلاماردانی چارلی هیبدۆ

## تیرۆرکردنی ئازادی رادەربڕین

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شکۆ سابیر

IDEA DIPLOMATIC



**کاتژمێر 11:30 دەقیقەی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی 7ی کانوونی دووەمی 2015 بەکاتی ناوەڕاستی فەرەنسا، دوو کەسی دەموچاو هەڵبەستراو بە جلوبەرگی ڕەشەوە بە چەکی کلاشینکۆف جۆری (AK47) هەڵیانکوتایە سەر بارەگای گۆڤاری چارلی هیبدۆ کە دەکەوێتە بینای ژمارە (10) لە شەقامی نیکۆلاس ئەپیر لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا. بەگوێرەی قسەکانی (کۆرین ری) وێنەکێش، دوو چەکدارە هێرشبەرەکە هەڕەشەیان لێکردووە بۆ ئەوەی دەرگای بیناکەیان بۆ بکاتەوە کە بە کۆد (شیفرە) دەکرێتەوە. دواجار بەناچاری دەرگاکەی بۆ کردوونەتەوەو یەکسەر ڕوویان لە هۆڵی کۆبوونەوەکان کردووە کە هەموو قوربانییەکان لە کۆبوونەوەدا بوون، لەوکاتەدا بە چەکەکانیان دەستڕێژیان لێدەکەن و هەموویان دەکوژن.**

پاشان هەردوو چەکدارەکە لە بارەگای گۆڤاری چارلی هیبدۆ دەردەچن و لە دەرەوە کارمەندێکی ئاسایش دەبینن و سەرەتا بریندراری دەکەن، بەڵام یەکێك لە چەکدارەکان پێی دەڵێت: «دەتەوێت بمکوژیت؟»، ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: «نەخێر گەورەم بەسە»، بەڵام پەلاماردەرەکە گوللەیەك دەنێت بەسەریەوە دەیکوژێت، لەوکاتەدا یەکێك لە چەکدارەکان وتی: «تۆڵەی پێغەمبەر محەمەدمان کردەوە»، ئەوی تریشیان وتی: «ئێمە چارلی هیبدۆمان کوشت»، دواتر ڕوویانکردە ئۆتۆمبێلێك لە جۆری (SITERWIN C3).

چەکدارە پەلاماردەرەکان لە شەقامی ریچارد لۆنوار ڕوبەڕووی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بوونەوەو کەوتنە تەقەکردن و چەند کارمەندێکی پۆلیسیان بریندار کرد، پاشان دوو جاری دیکە لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسی پاریس پێکداهەڵپژان و دوو جاریش جۆری ئۆتۆمبێلەکەیان گۆڕی و توانیان لەوساتە وەختەدا هەڵبێن و خۆیان بشارنەوە.

لەو پەلامارە تیرۆریستیەدا (12) کەس کوژران کە (8)یان لە گۆڤاری چارلس هیبدۆ کاریکاتێریست و ڕۆژنامەنووس بوون، (10) کەسیش بریندار بوون، لەدوای ئەو پەلامارە خێرایەوە حکومەتی فەرەنسا پلانی (فیجی پیرات)ی تا ئاستی باڵا لە سەرتاسەری ناوچەی دیل دۆفرانس بەرزکردەوەو هێزەکانی سوپاو پۆلیس بەچڕی بڵاوکرانەوەو لە هەموو ناوچەکانی پاریس و دەوروبەری خرانە ئامادەباشییەوە، بەتایبەتیش لەناو بارەگای کەناڵەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و مۆڵ و کۆگا بازرگانییەکان و ناوچە گەشتیارییەکان، لەدوای کوشتارگەلەکەی ساڵی 1961 لەکاتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی وڵاتی جەزائیر، ئەمە یەکەمجارە فەرەنسا ڕوبەڕووی پەلاماری ئاوا توندڕەوانە ببێتەوە.

چارلی هیبدۆ گۆڤارێکی تەنزئامێزی هەفتانەی فەرەنسییە لە پاریسی پایتەخت دەردەچێت، بابەتەکانی بریتین لە وێنەو کاریکاتێرو ڕاپۆرت و سەرکێشی میدیایی و نوکتەی جۆراوجۆر، ئەم گۆڤارە لە ساڵی 1969 دامەزراوەو لە ساڵی 1981 داخراوە، پاشان لە ساڵی 1992 دووبارە دەستکراوە بە بڵاوکردنەوەی، بەڵام لەو سەردەمەدا دابەشکردنی زۆر بەربڵاو نەبووە.

لە مانگی تشرینی دووەمی 2011دا لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێکدا نوسینگەکانی چارلی هیبدۆ وێرانکراوە، ئەو ڕووداوە تەنها لەدوای تێپەڕبوونی ڕۆژێك بوو بەسەر دانانی ناوی پێغەمبەر (محەمەد) بە سەرنوسەری ژمارەی داهاتووی گۆڤارەکە، ستیڤان شاربونییە سەرنوسەری پێشوی چارلی هیبدۆ کە لە پەلامارە تیرۆریستیەکەی 7ی کانوونی دووەمی 2015دا گیانی لەدەستدا، لە دیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی (bbc) کە لەدوای تەقینەوەی بۆمبەکە لەگەڵیدا ئەنجامدراوە دەڵێت: «ئەوەی ڕوویدا هێرشکردنە بۆسەر ئازادی و ڕەفتارێکە لەلایەن چەند توندڕەوێکی گەمژەوە

ئەنجامدراوە کە نوێنەرایەتی موسوڵمانەکانی فەرەنسا ناکەن.

بابەتەکانی چارلی هیبدۆ بە پابەندنەبوون و لە سنور دەرچوون ناسراون، لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەیەکی چەپڕەوانەی هەیەو چەندین وتارو بابەت لەبارەی کاسۆلیك و ئیسلام و یەهودیەت و بەرەی راستڕەوی توندڕەو و سیاسەت و کەلتوری و زۆر بواری دیکە بڵاودەکاتەوە، جێی ئاماژەیە ستیڤان شاربونییە لە ساڵی 2012ـەوە تاکو کوژرانی لەو پەلامارەدا وەك سەرنوسەر کاری تێدا کردووە.

پێشتریش گۆڤارەکە بابەت و وتارەکانی چارلی هیبدۆ مشتومڕی زۆری لێکەوتوەتەوە، لە ساڵی 2011 چەند وێنەیەکی کاریکاتێری خراپی لەسەر پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) بڵاوکردەوە، کە بووە هۆکاری پەلاماردان و تەقەکردن لە نوسینگەکانی لە ناوچەی بازنەی (20) لە پاریس، هەروەها پێگە ئەلیکترۆنیەکەی روبەڕووی هاککردن کرایەوە، لە ساڵی 2012دا چارلی هیبدۆ ماوەیەك لەدوای هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەك کاردانەوەیەك لەدژی فیلمێکی دژ بە ئیسلام بەناوی (بێبەریبوونی ئیسلام)، دیسان چەند دیمەنێکی دیکەی کاریکاتێری لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بڵاوکردەوە کە هەندێکیان چەند دیمەنێکی رووت بـوون، ئـەوکـارەی چارلی هیبدۆ حکومەتی فەرەنسای ناچارکرد باڵیۆزخانەو کۆنسوڵگەرییەکان و سەنتەرە رۆشنبیرییەکان و خوێندنگا فەرەنسییەکان لە (20) دەوڵەتی ئیسلامی دابخات، هەر لەوکاتەشدا پۆلیسی بەگژداچوونەوەی ئاژاوەگێری بە مەبەستی پاراستنی گۆڤارەکە لەهەر پەلامارێکی چاوەڕوانکراو، بارەگاو نوسینگەکانی تەنیبوو.

هێرشەکەی 7ی کانوونی دووەمی 2015 بۆسەر چارلی هیبدۆ بە کوژرانی (12) کەس کۆتایی پێهات، کە (8) کەسیان ئەندامانی دەستەی نوسینی گۆڤارەکە بوون.

**قوربانییانی چارلی هیبدۆ**

| زنجیرە | ناوی قوربانی | پیشە ( پۆست ) |
|---|---|---|
| ١ | جان کاپۆ | کاریکاتێریست |
| ٢ | ستیڤان شاربۆنییە | سەرنووسەر |
| ٣ | بیرنار فیرلاك | کاریکاتێریست |
| ٤ | فیلیپ ئۆنۆریە | کاریکاتێریست |
| ٥ | جۆرج ڤۆلینسکی | کاریکاتێریست |
| ٦ | بێرنار ماری | ئابوریناس |
| ٧ | مستەفا ئۆراد | هەڵەچن |
| ٨ | ئەلزا کایا | نووسەر و توێژەری دەروونی |
| ٩ | میشال رۆنۆ | میوانی دەستەی نوسەران |
| ١٠ | فریدریك بواسۆ | کارمەندی پاکوخاوێنی |
| ١١ | ئەحمەد مورابت | پۆلیسی پاسەوانی |
| ١٢ | فرانك برینسۆلارۆ | پاسەوانی ستیڤان شاربونییە |

**بریندارەکان**

ئەوانەی لە پەلامارە تیرۆریستیەکەی سەر بارەگای گۆڤاری چارلی هیبدۆ برینداربوون ئەمانەن: 1. فیلیپ لانسۆن، 2. فابریس نیکۆلینۆ، 3. سیمۆن فیشی، 4. لۆرۆن سۆریسو، هەروەها دوو پۆلیس و کارگوزارێك و پاسەوانێك کە برینەکانیان سوك بوو، هیچیان بەهۆی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەست نەداوە.

**ئەوانەی بەخت یاوەریان بوو، نەکوژران**

هەندێك رۆژنامەنوس و کاریکاتێریستی دیکە کە سەر بە خێزانی گۆڤاری (چارلی هیبدۆ)ن، بەڵام بەهەر هۆکارێك بووبێت لە شوێنی رووداوەکە دووربوون و بەخت یاوەریان بوو کە مەرگ یەخەی نەگرتن، ئەمانە بوون:

1. جیرار پیار- سەرنووسەر (لە گەشت بوو لە لەندەن).
2. زەینەب ئەلرەهزاوی (لە گەشت بوو لە مەغریب).
3. کاترین مۆریس – کاریکاتێریست (لە کارەکەی دواکەوتبوو).

4. ڕیناڵد مۆزییە - کاریکاتێریست (لە کارەکەی دواکەوتبوو).

5. ئەنتۆنیۆ فیشیتی (لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمێك بووە).

6. ماتیۆ مادینیۆن – نوسەری گاڵتەجاڕ (ئامادەی کۆبوونەوەی دەستەی نوسەران نەبووە).

7. ویلام – کاریکاتێریست (ئامادەی کۆبوونەوەی دەستەی نوسەران نەبووە).

8. پاتریك پۆلۆ – نوسەر (لە کارەکەی دواکەوتووە).

9. جیرار گایار (بەهۆی پاڵکەوتنی لەسەر زەوی لە مردن ڕزگاری بوو).

10. کۆرین ری کوکو (لەگەڵ کوڕەکەی لە مردن ڕزگارییان بوو).

11. لۆرۆن لیژیە (لە پشت مێزێکەوە خۆی شاردەوە و تەقەی لێنەکرا).

12. سیگۆلان فانسۆن (بەوتەی خۆی یەکێك لە چەکدارە پەلاماردەرەکان پێی وتووە ئێمە ژنان ناکوژین، بەڵام دەبێت ببیت بە ئیسلام و حیجاب بپۆشیت).

### دەستنیشانکردنی ناسنامەی پەلاماردەرانی بارەگای چارلی هیبدۆ

لەدوای ئەنجامدانی پەلاماردانەکە بۆسەر بارەگای چارلی هیبدۆ لە پاریس، فرانسوا مۆلان بریکاری کۆماری پاریس لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە 7ی کانوونی دووەمی 2015 ڕایگەیاند کە دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کراوەتەوە بە مەبەستی دەستگیرکردنی چەکدارە هێرشبەرەکان و ئاراستەکردنی تۆمەتی تیرۆرکردن و هەوڵدان بۆ تیرۆرکردن و هەڵگرتنی چەك و پێشێلکردنی سنوری یاساکانی پەیوەندیدار بە مافی هەڵگرتنی چەك و بوونی پەیوەندییان لەگەڵ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و خۆئامادەکردن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئەنجامدانی کوشتن و تاوانکاری لەدژی هاووڵاتیانی فەرەنسا.

هەمان ڕۆژ دۆسیەی ئەو لێکۆڵینەوە کراوەیە لەلایەن ئیدارەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لە پاریس (بەشی نەهێشتنی تیرۆر)، ڕادەستی ئیدارەی ناوەندی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان و ئیدارەی گشتی ئاسایشی ناوخۆ (بەشی هەواڵگری ناوخۆیی) کرا، پاشان ژمارەی سەوز لەو دۆسیەیە درا بۆ لێکۆڵینەوە، کاتژمێر 21:30 بە ئاسۆی پاریس ئاژانسی ڕۆیتەرز لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە ڕایگەیاند کە (3) گومانلێکراو بە ئەنجامدانی پەلامارەکەی سەر بارەگای چارلی هیبدۆ دەستنیشان کراون، لەدوای ئاشکرابوونی ناسنامەی یەکێك لە چەکدارە هێرشبەرەکان کە لەناو ئۆتۆمبیلێکی جێهێڵراودا دۆزرایەوە کە لەلایەن چەکدارەکانەوە بە مەبەستی هەڵاتن بەکارهێنرابوو.

پاش شیکاریی جینی بۆ دڵنیابوون لە خاوەنی ناسنامە جێماوەکە لەلایەن پۆلیسی نیشتمانییەوە دەرکەوت کە ناسنامەی (سەعید کواشی)یە، بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس.

**لەو پەلامارە تیرۆریستیەدا (12) کەس کوژران کە (8)یان لە گۆڤاری چارلی هیبدۆ کاریکاتێریست و ڕۆژنامەنووس بوون، یەکێك لە چەکدارەکان وتی: تۆڵەی پێغەمبەر محەممەدمان کردەوە، ئەوی تریشیان وتی: ئێمە چارلی هیبدۆمان کوشت**

### شەریف کواشی کێیە؟

تاوانباری سەرەکی (شەریف کواشی) برای سەعید کواشیەو بە (ئەبو حەسەن) ناسراوە، لەدایکبووی 29ی نۆڤەمبەری ساڵی 1982ــەو لە پاریس و لە شاری رین گەورە بووەو بروانامەی ڕاهێنەری وەرزشی بەدەستهێناوە، ئەندامی شانەی (پۆت شۆمۆن)ی جیهادی بووە کە لە ساڵی 2005دا بەشداریکردووە لە چالاکییەکانی ئەو شانەیەدا بۆ ڕەوانەکردنی جەنگاوەرە ئیسلامییە فەرەنسییەکان بۆ شەڕی عێراق لەدژی هێزەکانی ئەمەریکاو بەریتانیا، دواتر بۆ ماوەیەك دەستگیرکراوە، پاشان خۆیشی پەیوەندی کردووە بە سەربازگەیەکی مەشق و ڕاهێنان لە تونس لەوێشەوە چووەتە عێراق.

لە ساڵی 2008دا شەریف کواشی دادگایی دەکرێت و سزای (3) ساڵ زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت، شەریف لە زینداندا زۆر توندوتیژتر دەبێت و سەعیدی برا گەورەشی ڕێکدەخات، کەسی سەرەکی ئەو شانەیەی کواشی کاریان لەگەڵ دەکات کەسێکە بەناوی (فرید بنیاتۆ) کە بە ڕۆژ کاری وەکیلی خزمەتگوزاری دەکردو بە شەویش وەکو بانگخوازو ئامۆژگاریکار، بنیاتۆ لە 2005دا زیندانی دەکرێت کاتێك شەریف کواشی یەکێکبوو لە خوێندکارەکانی، لە ساڵی 2013دا چەندجارێك ناوی شەریف کواشی هاتووە بەبۆنەی هەوڵی هەڵاتنی (ئیسماعیل ئایە عەلی بلقاسم) ئەندامی دێرینی جەماعەتی ئیسلامی چەکداریی جەزائیر کە تۆمەتبارە بە ئەنجامدانی پەلاماردانی (RER B)ی شاری سان میشال و تەقاندنەوەی وێستگەی میترۆی پاریس لە ساڵی 1995، کە بە هۆیەوە لە ساڵی 2002دا سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا.

### سەعید کواشی کێیە؟

سەعید برا گەورەی شەریف کواشیە، لە 7ی ئەیلولی 1980 لەدایکبووەو تەمەنی (34) ساڵانە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی فەڕەنساوە ناسراو بوو بە رفاندن و راگرتنی چەند کارمەندێکی پۆلیس، ساڵی 2011 چووەتە یەمەن بۆ مەشقپێکردنی چەکدارانی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە لە نیوە دورگەی عەرەب.

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن



ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی (جان پۆڵ نی)ـەوە ئاشکرا کراوە، گومانی زۆر لەسەر موراد حەمید زاوای شەریف کواشی هەیەو لەدایکبوونی ساڵی 1996ـە، بەتۆمەتی تێوەگلانی لە ئەنجامدانی پەلاماردانی بارەگای چارلی هیبدۆ لەگەڵ هەردوو برا سەعیدو شەریف کواشی، موراد لەدوای ئەوەی ناوی خۆی لە سایت و ماڵپەرەکانی ئینتەرنێتدا بینی، یەکسەر لە شاری شارلۆڤیل مۆزیار خۆی رادەستی هێزەکانی پۆلیسی فەرەنسا کرد، بەوەش ناوی لەناو لیستی گومانلێکراوانی پەلاماردانی گۆڤاری چارلی لابراو هیچ تۆمەت و سزایەکی ئاراستە نەکرا، بەتایبەتی دوایئەوەی هاورێکانی رایانگەیاند کە موراد لەکاتی رووداوەکەدا لە بەشی بەکالۆریای زانستی لەگەڵیاندا بووە.

### پرۆسەی کوژرانی (سەعید و شەریف کواشی) و کۆلیبالی هاوکاریان

دوایئەوەی (88) هەزار پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆیی فەرەنسی خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی پەلاماردەرانی تیرۆریستی بارەگای گۆڤاری (چارلی هیبدۆ)ی فەرەنسی لە پاریسی پایتەخت، دواجار رۆژی 9ی کانوونی دووەمی 2015 لە ئەنجامی پرۆسەیەکی هەڵکوتانی تۆکمەی هێزەکانی پۆلیس لە دووری (50) کیلۆمەتر لە باکوری پاریس، دوایئەوەی بۆ ماوەیەك تەقەیان دەکردو بەرگرییان لە خۆیان کرد، هەردوو برا (سەعیدو شەریف کواشی) کە لە ناوچەی دامارتیل ئان گویل خۆیان شاردبووەوە کوژران و کەسێکیش لە شوێنەکە رزگارکرا کە بەگوێرەی زانیارییەکانی پۆلیس لەلایان بە بارمتە گیرابوو.

هاوکات دوو چەکدار بە ناوەکانی حەمدی کۆلیبالی تەمەن 32 ساڵ و حەیات بومیدیەن تەمەن 26 ساڵان کە تۆمەتبارن بە تەقەکردن و کوشتنی پۆلیسێك و کرێکارێکی رێگاوبان لە شاری مۆنتۆرج لە باشوری پاریس لە کۆگای خواردەمەنی پۆرت دۆفینسین بوون و ژمارەیەك کەسیان بە بارمتە گرتبوو هەڕەشەی کوشتنیان دەکرد ئەگەر پۆلیس واز لە سەعیدو شەریف کواشی نەهێنن، دواجار هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتایە سەر کۆگای خواردەمەنی پۆرت دۆفینسین و لەئەنجامدا کۆلیبالی کوژرا، بەڵام حەیات بومیدیەنی لەگەڵ نەبوو، لەو پرۆسەیەدا (4) لە بارمتەکان کوژران و (4) کەسیش بریندارببوون و ئەوانی دیکەش رزگارکران.

### بیۆگرافیای قوربانیانی چارلی هیبدۆ




جان کاپۆ　　ئاڵای فەڕەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٢٨ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| رەگەزنامە | فەڕەنسی |
| پیشە | کاریکاتێریست |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| خوێندن | قوتابخانەی هونەری ئاستین لە پاریس |
| کاری پێشوو | گۆڤاری (بلید) و (باری ماتش) و (لۆکینا هوجینی) |
| خزمەتی نیشتمانی | سوپای فەڕەنسا |
| کارە تەنزئامێزەکانی | بڵاوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێری سوکایەتیکردن بە پێغەمبەری ئیسلام لە گۆڤاری چارلی هیبدۆ و لۆکینا هوجینی |




ستیڤان شاربۆنییە　　ئاڵای فەڕەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٦٧ |
| تەمەن | ٤٧ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| رەگەزنامە | فەڕەنسی |
| پیشە | کاریکاتێریست، سەرنوسەری چارلی هیبدۆ |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| نازناوی پیشەیی | شارب |




فیلیپ ئۆنۆری    ئاڵای فەڕەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٤٢ |
| تەمەن | ٧٣ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەڕەنسی |
| نازناو | باونوری |
| پیشە | کاریکاتێریست |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| ساڵانی کارکردن لە چارلی هیبدۆ | ١٩٩٢ تا ٢٠١٥ |
| کاری پێشوو | ڕۆژنامەنوس |
| مێژووی کارکردن | یەکەمین کاریکاتێری لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا بڵاوکردۆتەوە |




بێرنارد ماری    ئاڵای فەڕەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٤٧ |
| تەمەن | ٦٨ ساڵ |
| نازناو | ئەنکڵ بێرنار |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەڕەنسی |
| پیشە | شارەزای ئابوری چەپ |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| کاری پێشوو | ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن |
| سروشتی کارکردن | ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی بەکاربەر و سستی گەشەپێدان |
| مێژووی کارکردن | هەفتانە وتارێکی بۆ چارلی هیبدۆ دەنوسی و موداخەلەی زۆری لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی فەڕەنسا هەبوو |




بێرنار فیرلاک    ئاڵای فەڕەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٥٨ |
| تەمەن | ٥٧ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| نازناو | تینیۆس |
| ڕەگەزنامە | فەڕەنسی |
| پیشە | کاریکاتێریست |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| کاری پێشوو | گۆڤاری (ماریان) |
| سروشتی کارکردن | گاڵتەجاری و دەربڕینی بێهیوایی |
| مێژووی کارکردن | ١٩٨٠ تا ٢٠١٥ |




ئاڵای فەڕەنسا    جۆرج ولینسکی

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٣٥ |
| تەمەن | ٨٠ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەڕەنسی |
| پیشە | کاریکاتێریست |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| کاری پێشوو | عەمیدی گۆڤاری (هارا کیری) |
| سروشتی کارکردن | گاڵتەجاری و ئەفسانەیی |
| مێژووی کارکردن | خاوەنی (٨٠) ئەلبومی وێنەیی کاریکاتێریە |





ئالزا کایا　　ئاڵای فەرەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٦١ |
| تەمەن | ٥٤ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەرەنسی |
| پیشە | پزیشک و توێژەری دەروونی |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| سروشتی کارکردن | خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە |
| مێژووی کارکردن | چەندین کتێبی دەربارەی ژیانی هاوسەری و سێکس نوسیوە |







فرانک برینسولارۆ　　ئاڵای فەرەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٦٥ |
| تەمەن | ٤٩ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەرەنسی |
| پیشە | ئەفسەر- ئەندامی تیمی پارێزگاری سەرکردە فەرەنسی و بیانییەکان و کەسایەتیە هەڕەشەلێکراوەکان |
| دوایین شوێنی کارکردن | ڕاسپێردراو بۆ پارێزگاریکردن لە ستیفان شاربۆنییە |





میشال رینۆ　　ئاڵای فەرەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٥٦ |
| تەمەن | ٦٩ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەرەنسی |
| پیشە | دامەزرێنەری فیستیڤاڵی گەشت لە کلێرمۆن فیران |
| پێگەی کارکردن | بەشداری میوانی گۆڤاری چارلی هیبدۆ |

CHARLIE HEBDO
En vente tous les mercredis



فریدریک بواسۆ　　ئاڵای فەرەنسا

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٧٣ |
| تەمەن | ٤٢ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| ڕەگەزنامە | فەرەنسی |
| پیشە | کارگوزاری چاکردن لە کۆمپانیای (سۆدیکسۆ) |
| دوایین شوێنی کارکردن | بارەگای گۆڤاری چارلی هیبدۆ |

شەریف کواشی



هەردوو برا پەلامارەدەرەکەی چارلی هیبدۆ

سەعید کواشی





CHARLIE HEBDO
En vente tous les mercredis

ئاڵای فەرەنسا

مستەفا ئۆراد

| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٦٦ |
| تەمەن | ٤٨ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| رەگەزنامە | فەرەنسی بە رەچەڵەك (جەزائیری) |
| پیشە | هەڵچنی چارلی هیبدۆ |
| دوایین شوێنی کارکردن | گۆڤاری چارلی هیبدۆ |
| سروشت | پیشەکەی زۆر خۆش دەویست |
| نیشتەجێبوون | لە تەمەنی (٢٠) ساڵیەوە لە فەرەنسا ژیاوە |





| | |
|---|---|
| لەدایکبوون | ١٩٧٣ |
| تەمەن | ٤٢ ساڵ |
| کۆچی دوایی | ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ |
| رەگەزنامە | فەرەنسی بە رەگەز (جەزائیری) |
| پیشە | پۆلیس |
| دوایین شوێنی کارکردن | کۆمسیۆنی پۆلیسی نزیك لە چارلی هیبدۆ |
| چارەنوس | بێبەزەییانە لەلایەن یەکێك لە پالامارەدەرەکانەوە کوژرا و ڤیدیۆی رووداوەکە لە هەموو جیهاندا بڵاوکرایەوە |


**سەرچاوەکان:**

**سایتی کەناڵی (bbc)، سایتی (المستقبل)، ویکیپیدیا، پێگەی (euronews)، پێگەی (halainfo)**

http://www.bbc.co.uk/arabic/worldnews/2015150107/01/_stephane_charbonnier_profile

http://www.almustaqbal.com/v4/Article.aspx?Type=NP&ArticleID=645421

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D984%%D987%%D8%

http://arabic.euronews.com/201509/01//car-chase-and-hostage-situation-in-northern-france-as-police-close-in-on-/

http://halainfo.com/%D985%%D982%%D8%AA%D984% %A5%D8